# وەرە با بۆ یەکتر بژین

سارا عومەر، دانمارک



وەرە و
با لە زەردەپەڕی ئێوارانداا
هەردوو پێکەوە
لەگەڵ دەریا سەما بکەین
بەرزەبەرزانی لوتکەی چیاکان
بکەینە خەون و
لەدوورەوە سەیریان بکەین
ببینە بازنەی چەشناوچەشن و
بە یەکجاری لەئامێزی خۆزگەکاندا
بۆ یەک بژین
..........
وەرە و
با لێرەوە
دەست لە گەرۆکی و

کووچەکەڕی هەڵبگرین و
لەم ساتەوە
کانییەکان بخەینەوە سەر فەڕ
بارانی میهرەبانی
لە چاوە پڕ ئەسرینەکانی یەک
بۆ یەکدی بڕێژین
ئیتر
با لە قووڵایی مەرگەوە بۆ یەکدی نەدوێین
زرینگە زرینگی وەهەمە شوو مەکانی
ناو سەرمان بەرباد بکەین
دوکەڵی برینە دوورە مەرهەمەکانمان
بدەینە دەم کزە(با)
تا بیبات
بیبات لەگەڵ خۆی
.......
وەرە و
با لە چاوانی یەکدیدا
وەک شەسپەرێک بتەقێینەوە
وەک گوڵێکی سووری ئەوین
بەناو ڕۆحی یەکدیدا
پەرشببینەوە!
بارانی ڕەنگاوڕەنگ
لە پەڵە هەورەکان بباریێنین
وەک لاولاوێکی گەڵا سەوز
بەناو قەد و باڵای یەکدیدا درێژ
ببینەوە!
.........
وەرە و
با چیتر ئاسەواری پەنجە لەرزۆکەکانمان
لەسەر هیچکام لە تاقی پەنجەرە عاسی بووەکان
جێنەهێڵین
با لەناو وردە وردەی شەپۆلەکاندا
بەچاوی نووقاوەوە مەلە بکەین
ماچی یەکە بە یەکەی
بەرد و لمی
قەراغ ڕووبارەکان بکەین
ماڵێک لەئامێزی شەپۆلەکاندا دروست بکەین و
چاوەکانمان
بە خڵتە و لیتاوی
دووای هاتنی زریانەکان لە کل بدەین!
.........

وەرە و
با تێکەڵی سەفەری پەپوولەکان ببین و
وەک هاوسەفەر
لەگەڵ ئەوان
بۆلای شیلەی گوڵەکان بفڕین و
هەر لەگەڵ ئەوانیش
لە قەراغ زەریاچەو جۆگەلەکاندا
لەسەر بەردێکی هەمیشە سەنگین
دواهەمین ماچ و
دواهەمین ئەوین ئاڵوگۆڕ بکەین!
.........

وەرە و
با دەست بخەینە ژێر سینەی یەکتر و
وەک دوو منداڵی ئێسک سووک
بەناو ژۆنگاوەکانی غوربەتدا

بەرەوکۆتایی
هەڵبێین و مەلە بکەین
لاڤاوە سەیرەکانی تاریکی
ببەینەوە بۆ ئامێزی تیشک و
غەمە پەنهانەکان لە تووانەوەیەکدا
ساڕێژ بکەین
تاریکی پڕبکەینەوە لە ڕەنگ و
ماڵە غەمگینە بێ سرەوتەکانی دڵمان
ڕۆشن بکەین
.........

وەرە و
با لەبازنەی گەواڵە هەورەکاندا بۆ یەک
بژین
با خەمۆکەکانی چواردەورمان
لەبناغەوە بلەقێنین و
بوو مەلەرزە ئاسا
بیانڕوخێنین
با لێرەوە
لە فێڵی نیگاشێواوەکان بگەین و
خۆمان
بە پێنوسی خۆمان
نیگای نوێتر بنەخشێنین!
با خەندە تاڵ و گریاوەکان
کۆتایی پێبێنین و
ئێواران بکەینە ئاوێنە
بۆئەوەی هەر ڕێگایەک یەخەی پێگرتین
دوواتر بمانەگەیەنێتەوە سەر ڕێگای
ئاوێنەکان!

.........

وەرە و
با ببینە دوو کۆتری سپی ڕەنگ و
بەتروووکاندنی چاوەکانمان
ئەوین بۆ یەک ببارێنین
با وەک تەرزی مێو
لەیەکتری بئاڵێین و
بۆنی گوڵاوی گەردنی یەک هەڵمژین
هەناسەکانمان ئاوێتەی یەکتر بکەین و
سەمای ژیانێکی بێکۆتایی بنوێنین!
با دوا تنۆکی تەڕایی لێوەکانی یەکتر
بمژین
با تا دوا گەیشتن بە لووتکەکانی حەز
یەکتری تێر تێر بگوشین!
...........

وەرە و
با ئیتر لە ترسی شەوەکاندا نەژین
کە ئاوا نابن!
با بۆ سروەی بەیانییەک گوزەر بکەین
کە هەردووکمانی تێدا
بۆیەکەم جار لە دایک ببین!!